**یەکەم:** ئاگادار کردنەوە.

**دووەم:** هۆشداری دوای پازدە ڕۆژ لە ئاگادارکردنەوە.

**سێیەم:** سەندنەوەی مۆڵەت و داخستنی ماڵ لەلایەن وەزیر، دوای ئاراستەکردنی هۆشداری پاش تێپەڕبوونی (١) مانگ ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچیەکان.

**ماددەی (٢٤):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٧٠٠١ لە ٢٠٢٢/٩/٢٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (حەقدەم / ١) لە سیستەمی خانەکانی دایەنگا ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٣ ،ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**هەموارکردنەوەی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بەخانەکانی دایەنگا لە هەرێمی کوردستان -عێراق**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی ماددەی **(سێیەم)** لە ڕێنمایی ژمارە **(١)ی ساڵی ٢٠٢٢** :

بە لادانی خالی چوارەمی ماددەکە ، واتا ماددەی دوازدە لە ڕێنمایی ژمارە **(١) ی ساڵی ٢٠١٥** تەنها خاڵی سێیەمی بۆ زیاد دەکرێت .

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) جی بەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**